# یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٩**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/١٥**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/١٤ی دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:-

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردراوی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ کە بڕیار بوو لە ١٩٩٨/٦/٤دا کۆتایی بێ، بەگوێرەی بڕیاری درێژکردنەوەی سێیەم کە لە ئەنجوومەن بە ژمارە (٢)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣ دەرچووە.
ئەنجوومەن لە کاردا دەبێ تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تازە و بەستنی یەکەم دانیشتنی خۆی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆکارە پێویستەکان

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەرهەمی خەباتی گەلی کوردستان و قوربانی دانی هەزاران شەهیدی بزاڤە ئازادی خوازییەکەیەتی، بەکۆڵەگەی سیستەمی سیاسی دامەزراو دادەندرێ لە هەرێمدا و بنکەی ئەزموونە دیموکراتیەتەکەیەتی و چاوگی ڕەوایی دەسەڵاتە.

لەدەست دان و دڵ پێوەنەبوون بە ئەنجوومەنی ئێستا بێ ئەوەی بڕەخسێ ئەنجوومەنێکی تازە هەڵبژێردرێ و جێگاکەی بگرێتەوە هەڵەیەکی گەورەیە، پاراستنی و پەزێرایی لێکردنی بەرپرسییەتێکی مێژووییە لە سەرشانی هاونیشتمانی کوردستانی بە پەرۆش بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان، باری ناوخۆی هەرێم بەهۆی کوشت و بڕی ناوخۆوە نەی هێشتووە هەڵبژاردنێکی تازەی ئەنجوومەن ئەنجام بدرێ، ئەمەش وایکردووە کە ئەنجوومەن لەسەر ئارەزووی گەلی کوردستان خولی هەڵبژاردنی یەکەم بۆ سێ جاری یەک لەدوای یەک درێژ بکاتەوە بێ ئەوەی بەربەستەکان لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لابچێ.

لەبەر ئەوەی بنەما دەستورییەکانی هەموو میللەتە خاوەن ژیارەییەکان و سیستەمە دیموکراسییە باوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە باری ناهەموار و لە ناکاو و خەتەرناک و شەڕ، لەو عوزرانەن کە ماوەی پەرلەمانەکان درێژ بکرێتەوە تاخەتەرناکی ئەو لەمپەرە لادەچێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن وباری پێویست دێتەکایەوە بۆ ئەنجامدانی بە شێوەیەک کە هەڵبژێرەر(الناخب)ەکان بتوانن مافی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازادانە پیادە بکەن.

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تازە، بەندە بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆوە و بەرقەراربوونی ئاشتییەکی بەردەوام، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا.